# تاڵەبانی و سیستانی لەبەرامبەر یاساو دۆسیەی ئەنفالدا
## قادر نادر

ئەوەندەی پەڕتوکم خوێندبێتەوە بەشە شێرەکەی مێژوویی بووە ، بۆیە ئەوا چەند ڕۆژێکە هەرچی زاکیرەی مێشکم هەیە بەکار دەهێنم لەم سەری ئەوڕپاوە بۆ کیشوەری ئەفەریقا ، هیچ زانیاریەکم نەدۆزیەوە ، سەرکردەدەیەکی گەلان هەبوبیت داڵدەدەر و پارێزەری جەلادانی گەورەترین تاوانبارانی کۆمەلکوژی گەلەکەیان بوبن . هەر بۆیە زۆر جار کە پێمدەڵین تۆ لە غەریبی دەژیت گاڵتەم پێدیێت، جونکە بەدەر لەبونی تەلەفۆنی هەرزان بەنیشتمانەوە و بونی فرۆکەخانە بە 5 کاتژمێر بۆ کوردستانا ، ئەوا کەبابی هەولێر و سێدی نوری گەرمیانی وعارەب عوسمان پرە لە دوکان وچێشتخانەکانی ستۆکهۆلم ، بەلام 7 سال زیاترە هەستم بە دو غەریبی کردوە ، یەکەم هیچ نەتەوەیەکم نە بینیوە بێ دەولەت بێت دووەم هیچ سەرکردایەتیەکم نەبینیوە وەک سەرکردەکانی ئێمە ئەوەندە عاشق و پارێزەری جەلادی نەتەوەکەی بێت؟؟؟ .

زۆربەمان دەزانین دەبوایە دوایین وادەی یاسایی بۆ جێبەجێکردنی بریاری دادگای عێراقی بەسەر تاوانبارانی ئەنفالا لە 10/4 تێنەپەریبایە ، کەچی ئەوا 44 ڕۆژ زیاتر بەسەر کاتەکەی تێپەریوە ، سەرۆک کۆماری عێراق (تالەبانی ) و جێگرەکەی فشاردەخەنە سەردادگا تاجێبەجێ نەبێت ، کەلەم بارەوە ئێمە زۆر ناتوانین رەخنە لە هاشمی بگرین ، بەلام تالەبانی کەبەدەنگی قوربانیانی کورد لەو شوێنەدانیشتوە لەبری ئەوەی دەسەلاتە یاسایەکەی لەخزمەت قوربانیانی ئەنفال دابێت ، کەچی خێرەکەی بۆ جەلادی ئەنفال سولتان هاشمە !!؟؟ ئەمە جگە لە بێدەنگی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و نوێنەرانی کورد لەبەغدا ، پارتە کوردستانیەکانی دەرەوەی دەسەلات ، وەک ئەوەی کارەساتی ئەنفال هی کورد نەبێت ، هەلوێستێکیان تائێستا نیە؟؟؟ .

وەرۆژی 20071116 گوتەبێژی حومەتی کوردستان . دوای ئەو هەموو گفتوگۆیەی لەسەر ئەم کێشەیە هاتۆتە ئاراوە ، تازە دەلێت ئێمە ڕیز لەیاسا دەگرین ئەگەر بریاری دادگا جێبەجی کرا یان سوک کرا !!؟؟ پرسیار ئەوەیە ئایا ئەرکی حکومەتی کوردستانە کە شەر بکات لەسەر جێبەچی کردنی بریارەکە یان ئەویش بچێتە پای ئەوەی بەرێگایەکی یاسایی بریاری سوکردنی سزای سولتان هاشم بدات!!؟؟ ، هەمومان بینیمان لە دوجێل شیعەکان کردیان بەیەکەم دۆسیەی دادگاو سەدامیان بەکەلەگایی لەسێدارە دا ، کەچی تاوانی ئەنفال هەزار بار گەورەترە و ئێمە نەتەوەیەکی ترین ئەوان یەک نەتەوەشن ؟؟؟

ئەگەرچی مام جەلال دەرچوی بەشی یاساشە بەلام لەدوای هاتنە پێشی سزای لەسێدارەدانی سەدام رای گەیاند کە ئەودژی بریاری لەسێدارەدانە ، چونکە پێشوو لەنێو جولانەوەیەک بوو کەبەخەباتی گیڤارەیی خەباتی دەکرد ، نەوەک غاندیانی ، دواتر ئەو خۆی دەنگی بەدەستورێک داوە کەبریاری لەسێدارەدانی تیایە ؟؟ ، ئەمە جگەلەوەی بە بەرچاوی ئەو سەدام حوسێن و بەندەر عەواد و تەها رەمەزان و بەرزان تکریتی لەسێدارەدران ، نقەیەکی هاوشێوەی وەک ئێستای سولتان هاشمی نەکرد ؟؟؟ دواتر ئەو شەرەکەی لەسەر سولتان هاشمە نەوەک سزاکە ، چونکە ئەو دژ بە سزای لەسێدارەدانی عەلی کیمیاوی نیە !!! وە لەگەرمەی بریاری لەسێدارەدانی سەداما ئەو وتی ئیمزا ناکەم بە لام ڕێگری ناکەم ، بەلام ئێستا هەردوکی ناکات ، بۆ ئەو جەلادەی کەمنالێکی بەناوی ئەنفالەو 2 مەدالیای ئازایەتی لەسەدام وەرگرتوە ؟؟؟ لەهەمووش کارەساتر

ئەوەیە  بۆ داکۆکیکردنی بەندی یاسایی ناهێنێتەوە بەلکو ئاخافتنەکانی وەک سەرۆک خێڵێک دەنوێنیت  ودەلیت دۆستی ئێمە بووە ، چۆن دەبێت لەسێدارە بدرێت!!؟؟  . ئەمە جگەلەوەی ئەم  هەلوێستەی تالەبانی و هاشمی سەرەتایەکی زۆر مەترسیدارە بۆ ناوزراندنی  دادگای عیراق و تێکەلکردنی هاوکێشەی سیاسی لە کەیسە یاسایەکاندا .

 کاتێک لەزاری تالەبانیەوە راگەیەنرابوو کەسیستانی  دژی لەسیدارەدانی سولتان هاشمە ، سەربارى ئەوەی رەتی کردەوە وەوتی  من دەست لەکاروباری یاسا وەرنادەم ؟؟ .

بۆیە ئەگەر بەراوردێک لە هەلوێستی سیاسی و یاسایی نێوان  تالەبانی پارێزەر و نوێنەری پلەیەکی کورد لەبەغدا و   سیستانی ئاخوندەو ئاینی و عەرەب بکەین ئەوا دەبێت ئێمەش هەمومان وەک  سرودەکەی هەلەبجەی  شڤان پڕ بەگەرومان بلێین هاوارە هاوار ....

ئاخر ئەرمەنەکان هەرسێجەلادەکەی کوشتاری بەکۆمەلی گەلەکەیان  (تەلعەت ،جەمال،ئەنوەر )دوای هەلاتنیان بۆ هەندەران کوشت کەچی سەرکردەکانی ئێمە هەرسێ جەلادی ئەنفال (خەزرەجی ، وەفیق سامەڕائی ، سولتان هاشم ) بونەتە خۆشەویست و   پارێزەر و دالدەریان  .